# لەیادی پیڕوزی 17سالەی هەلبجە

ریکەتی 16ی مانگی مارس ری و رەسمیکی شکودار لە شاری ئۆسلو بەبونەی ریزگرتن لە یادی هەلبجە بە بەشداری کۆمەلیکی زۆر لە کوردەکانی دانیشتوی نورویژ وبەشداری چالاکانی هاوریانی کۆمەلە ، لە ناوەندی شاری ئۆسلو بەریوە چوو.ئەوەی لە خوارەوە دەی بینن ، دەقی وەتاری کۆمەلە شۆرشگیری زەحمەتکیشانی کوردستانی ئیرانە کە لە لایەن هاوری باقی تالب لئیلم بەرپەرسیکی کۆمەلە لە نورویژ پیشکەش کرا.

ئەمروو 17مانگ مارسی 2005ی زاینی لەدەوری یەك کۆ بۆوینەوە بۆ ریزگرتن لە یادی قوربانیانی کارەساتی دلتەزینی هەلبجە.17سال لەمەوبەر لە ئاکامی هیرشی بیروحمانەی فروکەکانی ئیراق و بومبارانی شیمیایی هەلبجە هەزاران کەس لە دانیشتوانی ئەو شارە لە مندالی سەر لانکەوە هەتا پیری پەکەوتەی بەتەمەن دا چوو گیانی خویان لە دەس دا و هەزاران کەسی تریش بریندار بوون کە ئیستاش لە ئاکامی ئە م بومبا رانە ومە سمو ومیتی شیمیایی رزگاریان نە بووە ،ریکخراوە نیو نە تە ویە کان و دە ولەتانی جیهانی لە ئاستی ئە م کومە لکوژیە و نە فر تی کویر بی بە زە یانە ی رژیمی فا شیستی ئە وکاتی ئیراق بی دە نگە یان کرد،تە نا نە ت سە دام پاش گیرانی رای گە یاند کە هە والی ئەم جنایەتە میروژوی لە دژی مروفایە تی لە هە والنیرە کان بیستووە وخوی ی لی ی ئاگادار نە بووە .

ئە وکات هە ولییان دا کارە ساتی هە لبجە وە کو بە شیك لە ئاکامی دریژ خایاندنی شە ری ئیران وعیراق دە رخواردی کو مە لگای جیهانی بدە ن،هە ر چە ند قە ت ووشە ی بمبارانی شیمیایی یان بە سەرزمانیان دانە هات. گە لی کورد ئە مرۆ لە ئاستیکی ترلە باری سیاسی ونیونە تە وە یی قەراری گە تورە بە رووخانی سە دام بە شیکی زور لە بە لگە کان کە وتنە روو و سە دان گوری بە کومە لی تیدا ئاشکرا کراوە. دیارە ئاواتی لە میژینە ی هە ل پیچانی دام ودە سگای حکو مە تی رە ش بە عس هاتە دی، بە لام برینی قوولی هە لبجە هیشتا خوینی لی دە تکی و ئاکامە کا نی ئە م هیرشە شیمیایی یە لە سە ر جە ستە وروحی بریندار بە جی ماوە کان وسروشتی ئە م ناوچەیە نە سراوە تە وە. بست بە بستی ئە م ولاتە خویناویە،هیشتا جی پە نجە و موری پە لامار ودستە ریژی دوژمنانی پیوماوە. لە یادی 17سالە ی هە لبجە وریزگرتن لە قوربا یانی ئە م رووداوە دلتە زینە ئە م داواکاریا نە ما هە یە .کوتایی هینان بەشەر ودستدریژی بۆسەر خەلکی بی تاوان و قەدەغە کردنی بەکارهینانی هەر چەشنە چەکیکی مال ویرانکەری شیمیایی و ئەتومی لە کوردستان ولەهەموو بەشەکانی جیهان ،موحاکمە کردن وسەزادانی تاوانباران،بەرهەم هینەران و کارگیرانی بەریوە بردنی هیرشی شیمیایی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بۆ سەر هەلبجە لە دادگایەکی بی لایەنی نیونەتەوەیی - دانی خەسارەتی تەواو بەکەس و کاری قوربانیانی ئەم رووداوە دلّتەزینە و داوای لیبوردن لە خەلکی کوردستان لە لایان کۆمەلگای نیونەتەوەیی بۆ قەومانی ئەو رووداوە و بیدەنگیان لە ئاستی ئەم کارەساتە .لەو زنجیرە رووداوە هەلبجەدا سەرجەم 70کەس لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە گیانی خویان فیدا کرد، جیگای خویەتی لیرەدا رێزبەگرین لە یادی هاورێیانی گوردانی شوان و هەزاران ئەستیرەی گەش و درەوشاوەیی خەباتی کۆمەڵە. داوا لە دەولەتی نورویژ پارتی یە کان و رێکخراوەکان دەکەین، هەرچی زیاتر پشتگیری لە مافی رەوای گەلی کورد بەکەن بۆ چەسپاندنی حکومەتی فیدرالی کوردستان و دابین کردنی هیمنی وئاشتی وپاراستنی دیموکراسی و ئازادی وبەرگری لە هەرەشە ودەستدریژی دوژمنان و پاراستنی ئەم دەسکەوتانە .لە کوتایی دا جاریکیتر بەرزو بەرێزبی یادی قوربانیانی هەلبجە وگوردانی شوان و هەموو شەهیدانی کوردستان.

کۆمەڵە ی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

رێکخراوی نورویژ

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com